# هەندەران و ڕەوتی ڕاگەیاندنی کوردی

شۆرش عەلی تیلەکۆیی

ئەوەی کە دیار و بەرچاوە لە ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کوردی بە تایبەتی و ڕاگەیاندنی کوردیش بەگشتی بەرەو سەندنی بەرفراوانی و پەرەی بەخۆوە بینیوە بەتایبەتی لە پاش ڕاپەرینەوە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، ئەویش بە چاپ کردنی چەندەها ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب، لە ڕووی چۆنایەتیشەوە هەمان پێشکەوتنی بینیوە، ڕەنگە لە سەرەتای ڕاپەرین بووە هۆی زۆر ڕەنگ و شێوە و ستایلی جیاواز جیاواز چاپ بکرێت و جۆرێک لە زۆری و بۆری بێتە ئاراوە بەڵام ئەمەش بۆ خۆی تەکانە بە ڕەوتی ڕۆژنامەگەری، هاوکاتیش لە لایەنی ڕاگەیاندنی بیستراو و بینراو هەمان پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە ئەویش بە داهێنانی ژمارەیەکی زۆر لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و کەناڵی ئاسمانی وەک کەناڵە ئاسمانییەکانی (مەد، جودی، کوردستان، کوردسات) هەروەها ئەو ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و کەناڵە ئاسمانیانەی سەربەخۆ نین بەڵکە دەتوانین بڵێین حیزبین، بەڵام هەر بە پێشکەوتن دەژمێردرێن وە ئەم تا ڕادەیەکی زۆر خزمەت بە ڕەوتی ڕاگەیاندن دەکەن، سەرجەم بەشەکانی ئەم ڕەوتە وەک ووشە و هونەر و ئەدەب و زمان و کەلچەر، لێرە دەتوانین بڵێین کە ئەم پەرەسەندنە لە بواری ڕاگەیاندن بەگشتی توانیویەتی ڕاگەیاندنی کوردی لە تەرزی نوێی جیهانی نزیک بکاتەوە، تا ڕادەیەک نەک بە هەنگاوێکی زۆر، ئەم هێنانی تەنەوشی خۆی لە سەرهەڵدانی ستایلی نوێدا بینیوەتەوە لەوانە سەرهەڵدانی ڕۆژنامەی سەربەخۆ ئەوەش تا ڕادەیەک یان ستایلی ڕاگەیاندنی هەواڵ و ڕاگەیاندنی نەورۆزکە لە ساڵانی پێشوو ئاشنا نەبوو خۆی کوردستاندا بینیمانە. سەرجەم ئەو داهێنان و گۆڕان و پێشکەوتنانەی لە کوردستان بوونە هەروەها تەواوی پێداویستیەکان لە ئاستی داواکاریدا نین.

بەڵام سەبارەت بە ڕۆشنایی هەموو ئەو پێشکەوتن و داهێنانانە پێت وانییە ئایا لە دەرەوەی کوردستان ڕاگەیاندنی کوردیمان لە چ ئاستێکدایە و توانیویەتی چی بکات و ئایا بۆتە جێگای ئومێد کە ڕەوتی ڕاگەیاندن بەرەو پێشکەوتن و نەزمی نوێی ببات و ببێتە بەشێک لە بیروڕای دەرەوە و شارەزای کورد وەک بەرگرانی یەکانی جیهانی هەمیشەیی؟

دەتوانین بڵێین نەخێر. بۆ؟ با بەرگری بدەین سەرەتا لە هەموو نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕووناکبیر و ڕۆشنبیرانی کوردانەی لە تاراوگەدا دەژین، سەرەڕای ئەوەی سەرجەم پێداویستیەکانیش لە بەر دەستیاندایە، هەر لە خوێندن لە بواری ڕاگەیاندنەوە تا دەگاتە نووسین

دامەزراندنی ڕادیۆ و گێڕانە تەرخان کردنی بەش و کات بۆ هەر نەتەوەیەک بۆ غوربەتە لە وڵاتی ئۆستورالیا لە هەر ویلایەتێک ڕادیۆیەک هەیە کە ناوی 4EB-FM ە و ئەم ڕادیۆیە بۆ سەرجەم میللەتەکانی ناو ئۆستورالیایە لەوانە گەلی کوردیش ئەمە سەرەڕای بوونی ڕادیۆیەکی سەرتاسەری کیشوەرەکە کە ناوی SBS ە و لێرەشدا گەلی کورد بەش و کاتژمێری هەیە . بەڵام با بێینە سەر بڕی سەرجەم ویلایەتیان هەریەکەکان بەرەنێیەکە هەریەکەیان ژمارەیەکی بەرچاوی کوردی تیادەژی ، کەچی ناتوانن ڕۆژنامەیەکی ناوخۆ یان جێگەیەکی تایبەت بە هەریەکەیان کە تەواوی چالاکی و هەواڵەکانیانی تیا بێت دەربکەن تایبەتە جۆرێوەیەکیش بۆ خۆیان . ئەمە سەرەڕای نەبوونی ڕۆژنامەنووس و کادری ڕاگەیاندنی پێویست و بەرچاو ، مەگەر لە چەند کەسێک نەبێت کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن ، لەوانە :-

١- ئالانی کوردۆ - ٢- جەلال پورئەسەد لە ڕادیۆی 4EB-FM لە شاری برزبێن وە کاک شاهین لە ڕادیۆی SBS لە شاری سیدنی و کاک جەمال عومەر لە شاری ئەدەلاید و کاک مەحمود علی تیلەکۆیی لە شاری مالبۆرن .

هەرچەندە لە شاری سدنی چەند ڕۆژنامەنووسێک ماوەیەک ڕۆژنامەیەکی ناوخۆیی خۆیان دەرکرد لەوانە کاک عبدالوهاب طالەبانی بەڵام هێشتا لە ئاستی پێویستدا نەبوون .

پاشان بڵێین پێویستە لەسەر کۆمەڵە کوردییەکان هەرچەندە بە هۆی حزبایەتی و ناوچەگەرێتی دابەش بوون وە یان ئینستیتوتە کوردییەکان کە گرنگی بدەن بە بواری ڕاگەیاندن و هانی ڕۆژنامەنووسان و نووسەران و ڕووناکبیران بدەن و پێداویستیان بۆ دەستەبەر بکەن بۆ ئەوەی هەر نەبێت ڕۆژنامەیەکی ناوخۆیی دەربکەن و کادر پێبگەیەنن بۆ بواری ڕادیۆ . تا بتوانن سەرجەم کارو ڕاگەیاندنەکانیان بڵاو بکەنەوە .

Melbourn - Australia
05.02.2006